# دەستووری ئەنتیژن

**حەمەسەعید حەسەن**
وەرگری خەلاتی **ئاراس**

کە عەمامەبەسەرێک سەرۆکی لیژنەی نووسینی ڕەشنووسی دەستوور بێت، شتێکی چاوەڕوانکراوە، پێشەکییەکەی بە (بەسمەلە) دەستپێ بکات و ناتۆرەی (شەعبانی)یش، بدرێتە پاڵ ڕاپەڕینی شکۆمەندی بەهاری ۱۹۹۱ی عێراق. دیباجەی دەستوور کارێکی کرد، ئیدی مافی ئەوەمان نەبێت، بڵێین یان بنووسین: باشووری کوردستان، ئاخر وەفدی کورد لە هەلومەرجێکی تەواو ئازاددا، بێ ئەوەی لەژێر هیچ گوشارێکدا بووبێت، بە ویستی خۆی و ئارەزوومەندانە، دەستی لە باشووری کوردستان هەڵگرت و بە عێراقییەوە لکاند.

ئایا دیاریکردنی مافی چارەنووس، بریتییە لە یەکگرتنەوەیەک کە وەفدێک نەک گەلێک، ئارەزووی کردبێت، حەوت ساڵی ڕەبەقە، پەیماننامەی واشینگتۆن لە نێوان (پدک و ینک)دا واژۆ کراوە و هێشتا دوو ئیدارەکە یەکیاننەگرتووەتەوە! چ زوو کوردستانی باشووریان بە عێراقەوە لکاندەوە؟ چ زوو پیرمام و دووکان لەگەڵ بەغدای پێتەختی خوێندا، یەکیانگرتەوە؟ پێم وایە گرێدانەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، کێشەیەکی هێندە گرنگ و چارەنووسسازە، نە سەرۆکی هەرێم مافی ئەوەی هەیە، یەکلایی بکاتەوە، نە وەفدی کورد و نە پەرلەمانی کوردستان. ئەوە تەنیا خەڵکی کوردستانە بە هۆی گەلپرسییەکەوە، دەتوانێت بڕیاری خۆ بە عێراقەوە بەستنەوە، یان لە عێراق جوێبوونەوە، بدات.

ئەگەر بڕیاری لکاندنەوەی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە، تاوان بێت، ئەمڕۆ ئۆباڵی ئەو تاوانە، تەنیا لە ئەستۆی سەرۆکی هەرێم، وەفدە یاوەرەکەی و پەرلەمانی کوردستاندایە، وەلێ ئەگەر سبەی، یان ڕاستتر لە ۲۰۰۵/۹/۱۵دا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، ڕەشنووسی دەستووری عێراقیان پەسەند کرد، ئیدی ئۆباڵی ئەو تاوانە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانیش.

لە ڕوانگەی (بارزانی)یەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان، لە یەکگرتنەوەی ئارەزوومەندانەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر چی پرسیشی بە خەڵک نەکردووە، تا بزانێت، ئارەزوویان لەو یەکگرتنەوەیە هەیە، یان نا؟ (تاڵەبانی)یش، خۆی گوتەنی، بە درێژایی ساڵانی خەباتی، هەرگیز خەوی بە کوردستانێکی ئازادەوە نەبینیوە! ئەم یەکگرتنەوەیە بە قەولی ئەو، (یەکگرتنەوەیەکی هەتاهەتاییە.)(۱) کەواتە تاڵەبانی تەنیا چارەنووسی ئەم نەوەیە نا، هی نەوەکانی داهاتووشی دەستنیشان کردووە.

کە بارزانی لە بەغدا گەڕایەوە، لە پرێس کۆنفرانسێکدا (۲۰۰۵/۸/۲۹) لە فڕگەی هەولێر گوتی: (ئەوە

سەرکەوتنێکی گەورە بوو کە وەفدی کوردستان لە بەغدا یەک ڕیز و یەک هەڵوێست بوو! ڕۆڵی ئێمە زێتر بریتیبوو لە یەک نزیککردنەوەی شیعە و سوننە!) وەک شاندەکە بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی کورد و بۆ ناوبژی لە نێوان شیعە و سوننەدا، سەفەری بەغدای کردبێت! کورد چاوەڕێی ئەوەبوو بارزانی بێتەوە و مژدەی دیاریکردنی سنووری کوردستان و چەسپاندنی مافی چارەنووسی کوردی پێ بێت، نەک بێتەوە و باسی یەکڕیزی و ناوبژی بکات.

*

لە ڕەشنووسی دەستووردا دۆڕاوی یەکەم، ژنە. کە ئیسلام دەستی لە گەرووی سیاسەت گیر کرد، کە دەوڵەت کۆتی شەریعەتی کرایە گەردن، ئیدی چ باسێک لە مافی ژن و یەکسانی نامێنێت. هیچ دەسەڵاتێک لە دنیادا نەبووە و نییە و نابێت، هاوزەمان ناعەلمانی بووبێت و (دیموکرات)یش. یەکێک لە مەرجەکانی دیموکراتبوونی دەوڵەت، عەلمانیبوونە، بۆیە دەوڵەتی ناعەلمانی، قەت دیموکرات نابێت. دەوڵەتانی عەرەب ئەگەر خۆیان بە عەلمانیش لە قەڵەم دابێت، هەر نادیموکرات بوون، ئیدی چ ئومێدێکمان بە دەوڵەتێکی عەرەبی هەبێت، کە بە ئاشکرا خەریکی دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی بێت؟ پیاوانی ئایین وای بۆ دەچن، بە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، چی دەستکەوتیان هەیە لە کیسیان دەچێت، ئەوە بۆیە هێندە شێلگیرانە دژی جوێکردنەوەی دین لە دەوڵەت.

قورئان نزیکەی چوارده سەدە و نیو بەر لە ئێستا لەو مەککە و مەدینەیە، دەستی بە دابەزین کردووە، ئایا یاساکانی نێو ئەو کتێبە دێرینە کە بۆ سەردەمێک هاتووە، تێیدا حوشتر خێراترین ئامێری پێوەندیکردن بووە، بۆ ئەم سەروەختەش کە خەڵک بە هۆی پۆستی ئەلکترۆنییەوە، پێوەندیی بە یەکەوە دەکەن، دەست دەدات؟

بە گوێرەی حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام:

* ژن کە کێڵگەی پیاوە، پیاو سەرپشکە چۆنی بکێڵێت. (نساؤکم حرث لکم، فأتوا حرثکم أنی شئتم. ٢٢٣ بەقەرە.)

* دەسەڵات لای پیاوە و دەتوانێت لە ژن بدات، (واضربوهن! ٣٤ نیساء.)

* لە میراتدا، مێ، نیو هێندەی نێری دەکەوێت. (للذکر مثل حظ الأنثیین. ١١نیساء.)

* خوێنبایی ژن، نیو هێندەی خوێنبایی پیاوە.(٢)

* پیاو مافی ئەوەی هەیە، بە کەیفی خۆی چێژ لە ژن وەربگرێت، بە مەرجێک شتێک کرێی بداتێ. (فما إستمتعتم به منهن، فأتوهن أجورهن. ٢٤ نیساء)

* پیاو مافی فرەژنی هەیە، بە مەرجێک هەر شەوەی لە ئامێزی یەکێکیاندا ڕۆژ بکاتەوە. (فأنکحوا ماطاب لکم من النساء. نیساء٣)

* پیاو مافی هێنانی کچی تەمەن نۆ ساڵەی هەیە. ئەوە نەبوو پەیامبەر (د.خ) کاتێک کە تەمەنی چل و نۆ ساڵ

بوو، عائیشەی نۆ سالانی هێنا؟

* پیاو مافی هێنانی (ژنی سەفەری)یشی هەیە. ژن و مێردایەتیی سەفەری کە لە ڕوانگەی شیعەوە، کارێکی شەرعییە، بریتییە لەوەی، (پیاوێک بە ژنێک دەڵێت: من تۆم بۆ ماوەی سەعاتێک کرد بە ژنی خۆم، مارەییەکەشت هێندە دینارە، ژنەش دەڵێت: ڕازیم.)(٣) چونکە بە گوێرەی ماددەی ٣٩ی دەستوور، عێراقییەکان ئازادن لە بواری باری کەسیدا، وابەستەی کام ئایین، ئایینزا یان بیروباوەڕ دەبن، بۆیە ئەم جۆرە زەماوەندە ئیسلامییە، کارێکی قانوونییە! کەچی بە گوێرەی بەندی سێی ماددەی ٣٥، بازرگانیکردن بە سێکسەوە قەدەغەیە، ئەگەر چی زەماوەندی کاتی، شیعە پێی خۆش بێت، یان نا، لە کڕین و فرۆشتنی سێکس بترازێت، هیچی دیکە نییە.

* ڕێژەی ژنان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا لە چواریەک کەمتر نابێت.(٤) ئەدی لە ئەنجوومەنی وەزیران و پێگەکانی دیکەی بڕیارداندا، ڕێژەی ژنان چەند دەبێت؟ دەستووری ئەنتیژن، وەڵامی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوە.

پرۆژەی دەستوور چونکە لێوانلێوە لە پارادۆکس، کە دەیخوێنییەوە، پێکەنینت دێت، پێکەنینێک خەڵتانی گریان، بۆیە دەکرێت وەک تێکستێکی سەر بە ئەدەبی کۆمیدیای ڕەش، سەرنجی بدرێت. قەت بووە دەستوورێک فەرمانە نەگۆڕەکانی ئیسلام بە پیرۆز بزانێت و باس لە پرینسیپەکانی ژیانی (دیموکراتی)یش بکات!(٥) قەت بووە دەستوورێک باس لە سیڤیلسالاری(٦) و ڕێزگرتن لە مافەکانی تاک بکات و سەرقاڵی بووژاندنەوەی (هۆز و خێڵ)یش بێت؟(٧)

2005. 09. 05

(١) پرۆگرامی بیلعەرەبی، کەناڵی ئەلعەرەبییە، ٢٠٠٥/٨/٢٨

(٢) خوێنبایی بە عەرەبی (دیە)ی پێ دەڵێن، ئەو پارەیەیە کە بکوژ بە کەسوکاری کوژراوی دەدات.

(٣) www.sistani.org الأستفتائات، الزواج الموقت.

(٤) بەندی چواری ماددەی ٤٨

(٥) ماددەی دووەم.

(٦) کۆمەڵگەی مەدەنی.

(٧) ماددەی ٤٣